

# گەشتێک بە نێو ئادالار ساهیلیندە

## "Adalar Sahilinde" دا

نووسینی: ئەمیر حەسەنپوور

# گەشتێک بە نێو ئادالار ساهیلیندە 'Adalar Sahilinde' دا

**ئەمیر حەسەنپوور**

لە سەردەمی منداڵیمدا لە کۆتایی دەیەی ١٩٤٠ و سەرەتای دیەی ١٩٥٠دا لە مەهاباد کە شارێکی کوردستانە لە ئێران، من زۆر حەزم لە گۆرانییەک بوو کە بە گرامافۆن لە چایخانەکان سەریان دەخست. چایخانە کە زیاتر بە قاوەخانە ناودەبرا، شوێنێک بوو بۆ پیاوانی گەورەساڵ. منداڵ تەنها دەیتوانی لەگەڵ گەورەیەک بچێتە ئەوێ. لەو شارە چایخانەی زۆری لێبوو. من وەکوو ڕێبوارێک گوێم لەو گۆرانییە دەبوو بەتایبەت هاوینان کاتێک درگا و پەنجەرەکان دەکرانەوە. دووکانی باوکم کە من زۆر دەچوومە ئەوێ، نزیکی دوو چایخانە بوو لە مەیدانی ئاردی کە لەوێ گەنم و شیرەمەنی و زۆر کەل و پەلی دیکە لە لادێکانی نزیکەوە دەهێندران بۆ فرۆشتن.

گۆرانیبێژەکە ناوی مەلا کەریم بوو و ناوی گۆرانییەکە دوو وشەی شێعری سەرەتاکەی بوو "کە دەڵێن ئەمرۆ دەشت و کێو شینە". من ئەو گۆرانییەم خۆش دەویست بە مێلۆدییەکەیەوە، شێعرەکانی و ئەو ئامێرەی کە زۆر چاک لێدەدرا واتە قانوون[1] کە گیانی بە بەر گۆرانییەکەدا دەکرد.

ئەودەم تەنها سەرچاوەکانی مۆسیقای تۆمارکراو گرامافۆن و ڕادیۆ بوون. هەرچەند بنەماڵەی ئێمە، ئەگەر بە شێوەیەکی نادەقیق بڵێم، لە توێژی باڵای چینی مامناوەندی بوو، هەتا ساڵی ١٩٥٤ گرامافۆن و هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٦٠ ڕادیۆمان نەبوو. ئەمە ئەو کاتە باو بوو. ئێمە لە چایخانە، لە شایی، کۆبوونەوەکانی بنەماڵە، لە سەیران یان ئەوەی لە کاتێکی لەباردا بکەوتاییتە ناو گۆرانی گوتنەوە، گوێمان لە گۆرانی دەبوو. خوێندنگەکانی سەرەتایی و ناوەندی دەرسی مۆسیقایان نەبوو هەرچەند فێریان دەکردین چۆن سروودی میللی و باقی گۆرانییە ڕەسمییەکان بخوێنین. دوای ئەوەی ڕادیۆمان کڕی دەست ڕاگەیشتن بە گۆرانی کوردی زۆر نەچووە پێشەوە چونکوو لە ئێران و تورکیا و سووریا ڕێگا بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆ نەدەدرا. بەرنامەی کوردی ڕادیۆ بەغدا تاقە ئێزگەیەک بوو کە لە ساڵی ١٩٥٤دا بۆ ماوەی دوو کاژێر مۆسیقای کوردی

---

[1] لە چەشنی سەنتوور و لە بنەچەی ئامێرەکانی وەکوو چەنگە.

بڵاو دەکردەوە. بەرنامەیەکی زۆر کورتتری ڕادیۆ یێرەڤانی دراوسێ لە کۆماری سۆڤییەتی ئەرمەنستان سەرچاوەیەکی تری بڵاوکردنەوەی مووسیقا بوو.

ڕادیۆ بەغدا گۆرانییە دڵخوازەکەی منی بڵاو نەدەکردەوە چونکوو بەوجۆرەی دواتر بۆم دەرکەوت ئەم گۆرانییە نەک لە لایەن ئەو ئێزگەوە بەڵکوو لەلایەن یەکێک لە کۆمپانیەکانی تۆمارکردن لە بەغدا لە دەیەی ١٩٣٠دا تۆمار کرابوو. ئەمە بەشێکیشی بە هۆی قانوونی کۆپی ڕایتەوە بوو. لە ڕاستیدا ئەم ئێزگەیە تەنها دوو دانە لە گۆرانییەکانی ئەم گۆرانیبێژەی هەبوو کە هەژدە گۆرانی تۆمار کردبوو. گۆرانیبێژەکە ساڵی ١٨٥٥ لە شارەکەی من واتە مەهاباد (کە پێشتر ساوجبولاق یان سابڵاغ بوو) لەدایک ببوو و دیسانەوە ساڵی ١٩٠١ لە سلێمانی نیشتەجێ ببوو کە ئەو سەردەمە لە سەر بەشی عوسمانی یان ڕۆژئاوای کوردستان بوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٨ - ١٩٢٧ دا دوو جار سەردانی بەغدای کردبوو بە مەبەستی گۆرانی وتن بۆ کۆمپانیایەکی ڕۆژئاوایی تۆمارکردن و گرامافۆن کە خوازیاری ئەوە بوون چالاکی خۆیان لە بازاری ڕوو لە گەشەی مۆسیقای ئەو ناوچەیەدا پەرەپێبدەن. گۆرانییەکە لە لایەنHis Master's Voice [بە عەرەبی ابوکلب] لە بەغدا تۆمار کرابوو. گۆرانییەکە بریتی بوو لە مەقامێک 'ئەتۆ بووی لەیلەکەی ئەسڵی' و بەستەیەک 'کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە . ..' [2] سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە من قەت نەمبیستبوو کەس هەروا بەبێ ئامادەیی ئەوە بڵێتەوە. دیارە شێوازی گۆرانییەکە بۆ کاتی زەماوەند نەدەبوو کە تێیدا گۆرانی هەڵپەڕکێ دەوری هەبوو. زۆر دواتر لە کۆتایی دەیەی١٩٧٠دا مەزهەری خالقی کە گۆرانیبێژێکی خەڵکی سەقزە [خەڵکی سنەیە] لە کوردستانی ئێران و هەروەها گرووهی مۆسیقای کامکار ئەو گۆرانییەیان گوتەوە.[3]

مەهاباد شارێکی کوردییە کە لەلایەن پاشایەتی قاجارەوە کرا بە بەشێک لە پارێزگای ئازەربایجان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەم شارە کە بەشی هەرە زۆری کورد بوون، پێش شەڕی یەکەمی جیهانی چەند سەد کەس لە دانیشتوانی تورک، ئازەری، ئەرمەنی، ئاسووری و جوولەکە بوون. خەڵکانی ئەرمەنی و ئاسووری زۆر زیاتر بوون و هێندێکیان لە گوندەکان دەژیان. هەرچەند ئەرمەنییەکان و جوولەکەکان لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا ئەو شارەیان بەجێهێشت، 'گەڕەکی هەرمەنیان' و 'گەڕەکی جوولەکان' نێوەکەیان هەر ماوەتەوە. کاتێک کە ئەو ناوچەیە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو بە مەیدانی شەڕی نێوان لەشکری عوسمانی و ڕووسەکان کلیسای ئەرمەنی ڕووخێندرا. سەرەڕای ئەم فرەچەشنیی زمانیی و قەومییە، ئاسان نەبوو کە مۆسیقای غەیرە کوردی ببیسترێت بێجگە لە مۆسیقای فارسی کە لە ڕادیۆ تارانەوە بڵاو دەکرایەوە. من قەت ئەو گۆرانییەم بە زمانێک جگە لە کوردی نەبیست و دڵنیا بووم کە ئەمە هەوایەکی کوردییە.

---

[2] Side A is OMD 249, N11007 & side B is DM252, بەپێی زانیاری کەماڵ محەممەد 'قەوانەکانی مەلا کەریم... ' هاووڵاتی، ژمارە ٤٩٦ پازدەی ئۆکتوبەر ١٩٧٩ لاپەڕە دوو

[3] بڕوانە ماڵپەڕی www.kamkars.net/

لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا ژمارەیەک گۆڤاری گەلاوێژ م دەستکەوت کە گۆڤارێکی بەناوبانگی ئەدەبی کوردیی بوو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٩ و ١٩٤٩ لە عێراق بڵاودەکرایەوە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی پەهلەویدا هەڵگرتن یان خوێندەوەی هەر بەرهەمێکی نووسراو یان چاپکراوی کوردی قەدەغە بوو بەڵام ئێمە جاروبار دەمانتوانی کتێبێک یان گۆڤارێک بە نهێنی لای هاورێیەک یان ئاشنایەک دەست بخەین. لە کاتی خوێندنەوەدا چاوم کەوت بە هەڵبەستی ئەو گۆرانییە کە بە پێی گوتەی گۆڤارەکە پیرەمێرد [١٩٥٠ - ١٨٦٧] شاعیر و رۆژنامەوانی بەناوبانگی کورد نووسیبووی کە لە کوردستانی عێراق دەژیا. یادداشتێکی کورت لە سەرەوەی شێعرەکە بەمجۆرە نووسرابوو: "لە سەر هەوای گۆرانی عوسمانییەکان ئادەلەر ساهیلیندە Adeler Sahilinde" ('لە کەناری دوورگەکان' کە نێوی تورکی گۆرانییەکەیە). ئەمە بۆ من هیچ کەمتر لە شۆکێک نەبوو: چۆن ئەم گۆرانییە کە بە روونی دیارە کوردییە، دەبێ تورکیی عوسمانی بێت؟ ئەو کاتە لە رێگای خوێندنەوەی دوو کتێبی کوردییەوە 'مێژووی ئەدەبی کوردی' و هەروەها 'یادی پیرەمێرد' بۆم دەرکەوتبوو کە شاعیرەکە شارۆمەندێکی ئیمپراتوری عوسمانی بوو پێش هەڵوەشانەوەی لە رەوتی شەری یەکەمی جیهانیدا. ساڵی ١٩١٨ شاری لەدایکبوونی ئەو کەوتە ناو سنوورەکانی دەوڵەتێکی نوێ عێراق کە بریتانیا پاش سەرکەوتنی لە ساڵی ١٩١٧دا لە سێ پارێزگای باشووری عوسمانییەکان پێکی هێنابوو. کەوابوو هیچ جێگای سەرسوورمان نییە کە پیرەمێرد هەڵبەستی گۆرانی ئادالار ساهیلیندەی بە کوردی نووسیوەتەوە.

دەوروبەری ساڵی ١٩٦٦ ئاشنایەک لە مەهاباد کۆپییەکی بە رواڵەت تازەی قەوانە کۆنەکەی (١٢ئینچ/٣٠سانتیمەتر) نیشاندام کە بە نرخی پەنجا تمەن (نزیکەی ٧ دۆلار) دەست دەکەوت. هەرچەند ئەوکات داهاتێکم هەبوو بەڵام لەوودەمەدا نەمدەتوانی بیکرم. نزیکەی ساڵێک دواتر گوێم لە گۆرانییەکەی مەلا کەریم بوو کە لە چایخانەیەکی نزیک شوێنی کارەکەم لێدەدرا. بە هەڵاتن چووم بۆ چایخانەکە بزانم چۆن قەوانەکەیان دەستکەوتووە. قەوانێکی ٧ ئینچ/١٧،٥ سانتیمەتر بوو لە ئێران بەرهەم هێنرابوو و ئێستا لە بازار دەفرۆشرا.

کاتێک نزیکەی بیست ساڵ دواتر من و هاوسەرەکەم گواستمانەوە بۆ کانادا، لە شاری تۆرەنتۆ هاورێی تازەمان پەیداکرد. لەوانە ژن و پیاوێک بوون بەنێوی جۆرج ساوا [4] کە مۆسیقا ژەنێکی میسرییە و تێزی دوکتوراکەی لە ساڵی ١٩٨٣دا سەبارەت بە مۆسیقای کلاسیکی عەرەبی نووسیووە و چەندین سازی لێدەدا لەوانە سازە دڵخوازەکەی من، قانوون. ئەوی تریان سووزان کە ئەویش خوێندکار بوو کە گۆرانی عەرەبیشی دەگوتەوە. کاتێک بانگهێشتی خواردنی ئێوارە بوون لە ماڵی ئێمە، دوکتور ساوا گوتی قانوونەکەیشم لەگەڵ خۆم دێنم و لێی دەدەم. کاتێک کە من دەستم لەسەر دووگمەی رادیۆ کاسێتەکە دانا و

---

4 http://www.georgedimitrisawa.com/ هەروەها بروانە ماڵپەری د.جورج دیمیتری ساوا

گۆرانییەکە بە قانوون دەستی پێکرد، تەنها چەند چرکەیەکی برد کە ئەو [دوکتور ساوا] هەڵبەزییەوە و هاواری کرد "ئەڵڵا، ئەڵڵا! ئەمە گۆرانییە عەرەبییە دڵخوازەکەی منە!" وادیار بوو مێلۆدییەکە زۆر زیاتر لەو ئامێرەی لەگەڵی لێدەدرا سەرنجی ڕاکێشابوو. ئێستا تێدەگەم کە ئەم گۆرانییە کوردییە نەک هەر تورکییش بەڵکوو عەرەبییشە!

من کە هاوینی ساڵی ٢٠١٢ م لە ئیستانبوول تێپەڕ کرد، ئەم بەسەرهاتەم باسکرد بۆ ژمارەیەک دۆست و خوێندکار و ئەندامانی کۆلێج لە زانکۆی بۆغازچی و کەسانی تریش کە تازە لەگەڵیان ئاشنا ببووم. مەبەستم ئەوە بوو بزانم ژیانی سەردەمی ئەم گۆرانییە چۆن بووە. پاش ئەوەی بەشێک لە گۆرانییەکەم بە کوردی دەگوتەوە پرسیارم لێدەکردن ئایا ئەوان ئەو ئاهەنگە دەناسنەوە. گوتیان بەڵێ و دووکەس دەستبەجێ گۆرانییەکەیان گوتەوە. زۆربەیان ئەو گۆرانییەیان بە ناوی 'ئادا ساهیللەرندە' 'لە کەنارەکانی دوورگەدا' دەناسی. کاتێک سەرچاوەکانی ئینتێرنێت و سیدییەکانم پشکنی، بۆم ڕوون بووەوە کە نزیکەی سەدەیەک پاش بەرهەم هاتنی گۆرانییەکە بە کوردی، ئەم گۆرانییە بە تورکی بەردەوام لەلایەن کەسانێکی زۆرەوە لەوانە گۆرانیبێژە کوردەکانی تورکیا ئەحمەد کایا (٢٠٠٠ - ١٩٥٧) و ئیبراهیم تاتلیسس دەگوترێتەوە.[5] یەکێک لە خوێندکارەکانی زانکۆی بوغازچی لە بەدوادا گەڕانێکدا بۆی دەرکەوت کە لەوانەیە دانەری گۆرانییەکە یان یەساری ئاسم ئارسۆی (١٩٩٢ - ١٩٠٠) لەدایکبووی دراما کە ئێستا بەشێکە لە یۆنان بێت یان حافز شاشی عوسمان ئەفەندی (١٩٣٢ - ١٨٦٧) خەڵکی مووسڵ کە ئێستا بەشێکە لە عێراق.[6]

گەڕانی من لە ئینترنێتدا شتگەلێکی زۆری ئاشکراکرد سەبارەت بە گۆرانییەکە و شێوازی وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو گۆرانییە لە لایەن گوێگرەکانییەوە، بە پێشینەی جیاوازی نەتەوەیی و ئێتنیکییەوە. ئاشکرایشە کە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوری عوسمانی و بە دوای ئەوەیشدا پارچەپارچە بوونی دانیشتوانی فرە زمان و فرە قەومیی بە دەوڵەت (میللەت)انی جۆراوجۆر و هەروەها جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە ١٩١٥دا، تەشەنەکردن و پێناسەی گۆرانییەکەی نەخشاندووە.

با لەوەوە دەستپێبکەین کە کوردەکان ئیتر ئاگادار نین گۆرانییە کوردییەکە لە تورکییەوە وەرگیراوە و هێندێکیش لەو باوەڕەدان کە نوسخە کوردییەکەی لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. بۆ نموونە محەمەد حاجۆ کە خۆی بە "عوودژەنێکی" کوردی سووریا دەناسێنێت، مێلۆدییەکەی بە سازەوە داناوە و وەها پێناسەی دەکات: 'کە دەڵێن

---

[5] بۆ نموونە گوێ بگرن لە: İbrahim Tatlıses http://www.youtube.com/watch?v=rLi3p9WhnkA
Ahmet Kaya http://www.dailymotion.com/video/x4ka62_ahmet-kaya-ada-sahilleri_music
Sertab Erener http://www.dailymotion.com/video/xo56yl_cumhur-kaplan-ada-sahilleri-flash-tv_music
Necmi Rıza Ahıskan http://www.dailymotion.com/video/xikcw7_necmi-ryza-ahyskan-ada-sahilleri_music
Orhan Sandıkcı http://www.dailymotion.com/video/xjbm3c_ada-sahyllerynde-beklyyorum_music
[6] بڕوانە http://www.edebiyatkultur.com/turk-musikisi/59-turk-musikisi/276-hafiz-sasi-osman-efendi.html

ئەمرۆ' گۆرانییەکی باوی کوردییە کە لەسەر بناغەی شێوەیەکی عەرەبی . . قدک المیاس (خەرامان و شکۆدار هەنگاوەکانی تۆ") دانراوە.[7] ئەم بانگەشە بنچینەناسانەیە وادیارە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی زاڵی مۆسیقای عەرەبی لە عێراق و لە سووریا. ئەمە تەنانەت لە سەردەمی ئینترنێت و زیاتر خاوبوونەوەی سنووربەزاندن دا مەودای جیابوونەوەی کوردەکان و عەرەبەکانی سووریا لە تورکیای دراوسێ دەردەخات. پێدەچێت کە هەشتا ساڵ گۆڕانی پاشاوەکانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی بۆ ناو کۆماری تورکیا، پێکهێنانی قەومیی میللەتی تورکیا و ئاڵۆزکردنی پێوەندیی زمانی و فەرهەنگیی لە نێوان گەلانی ناو ئیمپڕاتۆرییە ڕووخاوەکە دا، پلەبەندی دەسەڵاتی مۆسیقای هەمیسان دارشتووەتەوە. لە ئێران و تورکیا کە مۆسیقای کوردی لە ئاکامی سیاسەتی دەوڵەتدا سەرکوت کراوە، پێوەندییەکانی نێوان فەرهەنگە موسیقییەکان تەنانەت ئاڵۆزتریش بوون. سەیرەکە لەوەدایە کە هیچکام لە گورانییەکانی مەلا کەریم لە سەر ئینترنێت یان یووتیووب یان لە ماڵپەڕە کوردییەکانی تایبەت بە مووسیقا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەری ڕابردوو و ئێستا دەگرنە خۆ، دەست ناکەوێت. haseraka40 کە وادیارە ڕاڤەکارێکی کوردە بۆ گۆرانییە تورکییەکانی ئیبراهیم تاتلیساس لای وایە "ئەمە گۆرانییەکی کوردییە و هی مەزهەری خالقی."[8] خالقی گورانیبێژێکی کوردی ئێرانە.

لەسەر یووتیوب زیاتر لە دوازدە دانەی بە عەرەبی لە شێوازی جیاواز هەیە، تازە و کۆن و لە وڵاتانی جۆراوجۆری زۆرینە عەرەب کە بە نێوی قدک المیاس [قەدوک ئەلمەییاس] ناسراوە و ووشەکانی لە یەکەم دێڕی شێعرەکە وەرگیراوە.[9] زانیاری سەبارەت بە سەرچاوەی تورکی ئەم گۆرانییە هەر ڕێک وەکوو پێکهاتە کوردییەکە زۆر سنووردارە، هەرچەند شێوازێکی عەرەبی گورانییەکە لە سەر یووتیووب کە اصالة نصري خوێندوویەتی و پێدەچێت لە لایەن لایەنگرێکی تورکەوە بارکرابێت، ئەم سەردێڕەی هەیە، " Arapça Ada Sahilleri" واتە ئادا ساهیللەری بە زمانی عەرەبی.[10]

لەکاتێکدا هیچ گومانێک نییە سەبارەت بە سەرچاوەی تورکیی گورانییە کوردییەکە، کاتێک کە شێوازە یۆنانییەکەی دێتە مەیدان پێناسە تورکییەکەی دەبێتە جێگای مشتومڕ. مانگی پێنجی ٢٠٠٨ دانەرێکی یۆنانی لەسەر یووتیووب بە نێوی romeikos2 هەر دوو شێوازی تورکی و یۆنانییەکەی داناوە لەو قەوانانەی کە لە

---

[7] http://www.youtube.com/watch?v=bbWBegmppOk. هەموو سەرچاوەکانی ئیترنێت کە لە پازدەی سێپتامبری ٢٠١٢ دا لەبەردەستدا بوون. ئەو دەقە نووسراوانەی لە یووتووبدا وەرگیراون، لە دەقە ئۆریژیناڵەکەدا هاتووە لەگەڵ هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندییەکانەوە.

[8] بۆ گۆرانییەکانی مەزهەر خالقی بڕوانە: http://www.youtube.com/watch?v=rLi3p9WhnkA ڕۆژی ١٤ی سپتامبری ٢٠١٢. http://www.youtube.com/watch?v=9a4wONEYZPU&feature=related

[9] بۆ نموونە گوێ بگرە لە: http://www.youtube.com/watch?v=JrZN_fi9v7U&feature=related یان http://www.youtube.com/watch?v=JrZN_fi9v7U&feature=related . بۆ یادداشت، شێعر و دەنگنووسی بڕوانە http://www.forumalev.net/sarki-notalari/451328-ada-sahilleri-arapca-notasi.html و http://www.youtube.com/watch?v=8gS-eopkGco

[10] http://www.youtube.com/watch?v=FmU9E7vUI-w

دەیەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا بەرهەم هێنراون و گۆرانییەکە (کە هەتا ١٥ی سێپتامبر ٢٠١٢ زیاتر لە ٣٤٥٠٠ جار بیستراوە) بەمجۆرە پێناسە دەکات:

هەوایەکی بەناوبانگ لە تورکیا و هەروەها ناسراو لە یۆنان و سووریا - گوایە سەرچاوەکەی لە حەڵەبە. ئەم شێوازە تورکییەی لەلایەن 'ئاشیلێئاس پوولۆس' کە لەدایکبووی بورسای یۆنانە لە ئەمریکا تۆمارکراوە؛ لە کاتێکدا کە پێشکەشکردنەکەی 'ئەدۆنیس دالگاس'ی یۆنانی ئیستانبوولی و 'ئیورگۆس ڤیدالیس'ی لەدایکبووی ئیزمیر، لە زۆمرەی جۆرە یۆنانییە یەکەمەکانی ئەم گۆرانییەن. ئەم هەوایە لە [دووڕگەی] کریتا زۆر ناوبانگی دەرکردووە کە لە بنەڕەتدا پەیوەند دەدرێت بە جۆرێک لە گۆرانی شارستانیی سەر بە شاری 'ڕێتیمنۆن' کە گرینگترین ژەنیارەکەی 'ستێلیوس فووستالێریس' بووە.[11]

ڕاڤەکارانی ئەم بارکراوە (کە تا ڕۆژی ١٥ سێپتامبری ٢٠١٢ بیست کەسن) زۆربەیان بە تورکی دەنووسن و گۆرانییەکان زۆر بەرز دەنرخێنن. یەکێک لەوانە واتە dontfascisizeme دەڵێت "ئەم گۆرانییە سەلماندنێکی ترە بۆ برایەتیمان (یۆنانی و تورک) و ئیتر هیچی تر بۆ گوتن ناهێڵێتەوە . . ." دوایە anadolulu دەنووسێت: "ئاخۆ بۆچی هیچ کوردێک ناڵێت ئەم گۆرانییە لە بنەڕەتدا کوردییە، هەههههه خەڵکی گەمژە."

شێوازێکی تر ڕۆژی ٣١ی مانگی یەکی ٢٠٠٨ بارکراوە و گۆرانیبێژی تورک 'هامیت یوجەسەس' خوێندوویەتی گوێگری زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە (هەتا ١٥ سێپتامبری ٢٠١٢ بووە بە ١٦٨٢٨٩) و ڕاڤەی زۆرتری لەسەر کراوە (٤٦ دانە).[12] یەک لەوانە کە بە ئاڵمانی و ئینگلیسی دەنووسێت ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە کە لە بنەڕەتدا پێیوابێت ئەم گۆرانییە "بەشێکە لە فەرهەنگی تورکی":

هیچ شتێکی وا نییە کە پێی بڵێیت "ڕەسەن"... شێوازی بەزمانی جۆراوجۆر هەن، بەڵام ئاشکرایە کە دەنگ و هەواکەی عەرەبییە (!!!)، هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە پێی دەگوترێت "حیجاز.. nichtsdestotrotz: es ist teil der türkischen kultur, wir sehen darin nichts aber rein gar nichtsgrie chisches... ('سەرەڕای ئەوەیش، ئەمە شتێکە هی فەرهەنگی تورکییە؛ ئێمە هیچ شتێکی تێدا نابینین کە یۆنانی بێت، هەر بەڕاستی بەشێوەیەکی ڕەها هیچ ...')

یەکی دیکە، Varangian1915، کە وادیارە ناوێکی ئەرمەنی بێت دەڵێت: "ئێوە دەبێ مەمنوونی مەسیحییەکان بن بۆ دانانی ئەو ئاوازە." ئەمەیش ڕێ دەبڕێت بەرەو کێشەی پێوەندی نێوان مەسیحییەکان و

[11] بڕوانە http://www.youtube.com/watch?v=wY9R9m6sz5o
[12] http://www.youtube.com/watch?v=Pw-2Ns0_RyY

تورکەکان. ڕاڤەکارێک akilvarmantikvar ، جواب دەداتەوە: "زۆر سپاس بۆ مەسیحییەکان کە ئاوازەکەیان داناوە. ئێستا ئەو تێلایە لە قوونت دەربێنە و چێژ لە مۆسیقاکە وەربگرە." Shocktauma13 دەنووسێت: "من دەزانم also matia mou .. ئەم گۆرانییە لە قوستەنتەنییەوە هاتووە.. عوسمانییەکان خوێندوویانە، شێوازی یۆنانی، تورک، بۆسنیایی، ئالبانیایی هەیە، هەر بۆیە... (کۆتایی ڕاڤەکە)" یەکی دیکە ahmetepik، کە بە تورکی دەنووسێت، دەڵێت کە ئەم گۆرانییە " ئەسڵەکەی هی سووریایە... لانی کەم هەزار ساڵ کۆنە." جاروبار ڕاڤەکان ڕەوتێکی نەژادپەرستانەیان هەیە و ئاساییانە دژ بە تورکەکان یان دژ بە یۆنانییەکانن.

لە مانگی هەشتی ٢٠١٢دا بە گەشتێکی زۆر دووری فڕۆکە ئیستانبووڵم بەرەو تۆرەنتۆ بەجێهێشت. زۆربەی کاتەکەم لەو دە کاتژمێرەدا خەریکی گوێگرتن لەو مۆسیقایە بووم کە شیرکەتی هەوایی تورکیا واتە تورکیش ئەیرلاینز بە بۆنەی ٧٥ەمین ساڵییەوە بۆ موسافیرەکان تەرخان کردبوو. بەشێک لە سەرجەمی ئەم گۆرانییانە ئەوانە بوون کە لە سیدییەک دا لەلایەن 'فیکرەت ئەرکایا' و 'سووئات سایین'ـەوە کۆکرابوونەوە [لە ژێر ناوی] 'گۆرانییەکانی ئیستانبوول / *İstanbul Şarkılarì*, Vol. I'. یەکێک لە گۆرانییەکان 'ئادا ساهیللەریندە' لەگەڵ یادداشتێک، "*Söz & Müsik: Anonim*" ('شێعر و مۆسیقا: نەناسراو'). بەڵام ئەوانەی کە ئەم مۆسیقایان بۆ کۆمپانیای هێڵی هەوایی ڕێکخستووە، هیچ بەشێک لە مۆسیقای غەیرە تورکیان تێنەخستووە. من کە بیری ئەو سەردەمە کەوتبوومەوە کە تەنها ئەو کاتە دەمتوانی گوێ لە گۆرانییە دڵخوازەکەم بگرم بە ڕێکەوت لە نزیکی چایخانەیەک بام و تەنها ئەو کاتەی کە بەڕێکەوت گرامافۆنەکە ئەو گورانییەی لێدابایە، کاتێک کە خەریکی فڕین بووم لە نێوان دوو کیشوەردا، ئەم دەستڕاگەیشتنە بێ سنوورەم بە گۆرانییە تورکییەکە بەرز دەنرخاند. بەڵام وێدەچێت کە گەشەی شۆڕشگێرانە لە بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە و وەرگرتنی مۆسیقا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ڕیشەیی سیاسەتەکانی بگۆڕێت. زۆری پێنەچوو بۆم دەرکەوت کە 'ئادالار ساهیلیندە' ئێستا وەکوو هەوایەکی عەرەبی بە شێعری تازەوە و بەبێ هیچ ئیشارەیەک بە 'قەددوک ئەلمەییاس' دەردەکەوێت. مارسێل خەلیفە گۆرانیبێژی لوبنانی یەکێک لە شێعرەکانی مەحموود دەروێش شاعیری فەلەستینی خوێندوە و لەلایەن گۆرانیبێژانی دیکەیشەوە خوێندراوە.[13]

ڕێک بە پێچەوانەی هەوڵی ناسیۆنالیستەکان بۆ ڕەسەنایەتیی، گۆرانیبێژان و ئاهەنگدانێرەنانی سەردەمی پێش ناسیۆنالیسم نەک تەنها لە فەرهەنگی مۆسیقای جیاواز شتیان وەردەگرت بەڵکوو بە زمانێکی جیاواز لە زمانی زکماکی خۆیان بەرهەمیان دەخولقاند.

---

[13] سەردێڕی گۆرانییەکە "لە شام"، لە سیدی مارسێل خەلیفە و مەحموود دەروێش، 'ئاوابوونی مانگ' کە ناگام ڕیکوردس ساڵی ٢٠١٢ بڵاوی کردووەتەوە. ژمارەیەکی زۆری بارکراوە هەیە لە ژێر سەردێڕی فی دەمیشق؛ یەکێکیان کە لەلایەن 'ئێتاکۆ'وە بارکراوە، پێی دەڵێ ژانری "فۆلکلۆرە"(ألحان: فلكلور)، http://www.youtube.com/watch?v=Sl0gXngMbrQ (accessed 31 October 2012).

لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی ئەدەبی زارەکی کوردی و مۆسیقای فولکلۆر کە لە یەکێتی سۆڤییەت کۆکراونەتەوە و بڵاوبوونەتەوە لە زاری هونەرمەندانی ئەرمەنییەوە هاتوونەتە دەر[14]. جوولەکەکانی کوردستان (عێراق) چ هی شار و چ ئەوانەی لادێیش زمانی ئارامی نوێی خۆیان و کوردی و عەرەبییان بەکاردەهێنا.[15] لەوەیش گرینگتر هەبوونی گۆرانی کوردییە سەبارەت بە "چەوساندنەوەی ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا" و هەروەها "خەباتی ئاسوورییەکان" دژ بە حکوومەت.[16] لە کاتێکدا ڕوونە کە ئەرمەنییەکان و کوردەکان لە زمان و ئاییندا جیاوازن، زەحمەتە دیاری بکرێت کە ئایا بۆ نموونە بەیتی خەج و سیامەند ئەرمەنییە یان کوردییە.[17] با نموونەیەکی تر بێنینەوە. بەسەرهاتێک هەیە سەبارەت بە هێرشی لەشکری شا عەبباس پادشای ئێران لە خانەدانی سەفەوی بۆ سەر قەڵای دم دم و قەڵاچۆکردنی کوردەکانی میرنشینی برادۆست و بەکۆیلەگرتنی ژنەکانیان. چیرۆکبێژی فەرمی پادشا وەکوو شایەتحاڵێک باسی گەمارۆدان و شەڕەکە دەکات کە لە مانگی یازدەی ١٦٠٩ـەوە هەتا هاوینی ١٦١٠ی خایاندووە و بە ئەنجامی یاخی بوونی کوردان و خەیانەتی دەزانێت. بە پێچەوانە نەریتی زارەکی، ئەدەب و مێژووی کورد ئەمە وەکوو خەباتی کوردان لە دژی دەسەڵاتدارانی بێگانە باس دەکات.[18] هەروەها گێڕانەوەیەکی ئەرمەنییانە سەبارەت بەم ئەزموونە بەرچاوە کوردییە لەبەردستدایە.[19]

بەهەرحاڵ دەست بەسەرداگرتنی ناسیۆنالیستییانەی مۆسیقا لە هەموو شوێنێک هەیە. نەک هەر گۆرانی و شێعرەکەی و مێلۆدییەکەی بەڵکوو هەروەها ئامێرەکان و گۆرانیبێژەکانیش لە هەلومەرجی نەبوونی دەوڵەتدا دەبنە مەیدانێک بۆ پێکهێنانی میللەت. سەبارەت بە ئامێرەکان، ناسیۆنالیستەکان هەوڵدەدەن بانگەشەی ئەوە بکەن کە یەک یان چەند ئامێرێک هی ئەوانە و یان تەنانەت سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ میللەتی ئەوان لە کاتێکدا کە ئەو ئامێرە نارۆژئاواییانەی ئێستا لە ناوچەکەدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت زۆر پێش پێکهاتنی میللەتان دروست بوون. بۆ هێنانەوەی نموونەیەک لای کوردەکان، ئەو ئامێرانەی کە بۆ لێدانی مۆسیقای خوو و

---

[14] بۆ نموونە بڕوانە نێوی دەنگبێژەکان، لە : O.C. Celîlov, *Stranê K'urdaye T'arîqîyê*, Sankt-Pêtêrbûrg, 2003, r. 783

[15] بۆ وێنە بڕوانە: یۆنا سابار "ئەدەبی فۆلکلۆری جوولەکەکانی کوردستان: گوڵچنێکی وێژەیی" New Haven, Yale University Press, 1982, p. xxxviii.

[16] O.C. Celîlov, *Stranê K'urdaye T'arîqîyê*, Sankt-Pêtêrbûrg, 2003, pp. 429-43 and 491-95.

[17] بۆ گێرانەوەی ئەرمەنی، بۆ نموونە بڕوانە :Hovannes Shiraz, *Siamant'o ev Khjezare*, Erevan, Sovetakan Grogh Hratarakch'ut'yun, 1979; Murat Manukean, *Siamant'o ew Khěchē-Zarē*, Erusaghēm, Tp. Srbots′ Hakobeants′, 1970.

[18] بۆ باسێکی کورت و سەرچاوە بڕوانە Hassanpour, Amir, "Dimdim," *Encyclopaedia Iranica*, Vol. VII, 1985, pp. 404-405; also, Thomas Bois, "La forteresse de Dimdim ou l'épopée héroïque de Khan-Au-Bras-d'or," *The Journal of Kurdish Studies*, Vol. 5, 2003-2004, pp. 1-18.

[19] А. Джнди, "Армянские варианты курдского эпоса 'Дым-Дым'," *Страны и Народы Ближнего и Среднего Востока, XIII, Курдоведение*, Ереван, Издательство АН Армянской ССР, 1985, с. 174-82.

نەریتی ئایینی کوردی بەکار دەهێندرێن، یەزیدییەکان (دەف و نەی یان شەببابە) و ئەهلی حەق (تەمبوور) بە کوردی دەژمێردرێن.[20]

با لە مێلۆدییەکان و ئامێرەکانەوە بچین بەرەو گۆرانیبێژەکان و من بەسەرهاتێکی دیکەی خۆم بگێڕمەوە کە لەگەڵ ناسیۆنالیسم و مۆسیقای کوردیدا تووشی بووم. ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی ماڵاوایی لە بۆچوونی سیاسی ناسیۆنالیستی خۆم بکەم (١٩٦٣) لە هاوڕێیەکم بیست کە سکاڵای هەبوو لەوەی چۆن گۆرانیبێژی بە ناوبانگی کوردی هاوشاری من محەممەدی مامڵێ [21]، گۆرانییە تازەکانی دادەنێت: بەپێی گێڕانەوەی ئەو هاوڕێیەم، مامڵێ سەرەتا گوێ دەگرێت لە ڕادیۆی باکۆ، هەوایەکی ئازەربایجانی فێردەبێت، شێعری کوردی لەسەر دادەنێت و وەکوو گۆرانی کوردی پێشکەشی دەکات. مامڵێ وابوو کە هەموو ساڵێک لە کاتی وەرزی شایی و گۆڤەند لە هاویناندا یەک دوو گۆرانی تازەی دەگوت. لەو سەردەمەدا پەخشی ئێزگەی ڕادیۆی کۆماری سۆڤییەتی ئازەربایجان سەرچاوەیەکی گرینگی مۆسیقای تورکی ئازەری بوو. لە شاییەکدا من لە مامڵێم پرسی هۆی چییە مێلۆدی تورکی وەردەگرێت لەباتی ئەوەی گۆرانی کوردی دابنێت. وەڵامی دامەوە "دەزانی چۆنە، من زۆرێک لە گۆرانییە کۆنە کوردییەکانم زیندوو کردووەتەوە، قەیدێ چ دەکا ئەگەر هەوای تورکی قەرز بکەم؟" من کە ئەو کات وەڵامەکەیم بەدڵ نەبوو، دواتر بۆم دەرکەوت کە هەرچەند مامڵێش کوردێکی ناسیۆنالیست بوو، ڕوانگەی ئەو بەتایبەت وەکوو موزیکڤان زۆر لە هی من بەرینتر بوو. لە ڕاستیدا لە دەیەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا سەرەکی ترین ژەنیارێک کە لەگەڵ مامڵێ لێیدەدا ئەسکەر تارزان بوو کە کەسێکی تورکی ئازەری بوو و تاری دەژەند.[22]

ئەم شەیدا بوونە بۆ پەتیگەری یان ڕەسەنایەتییە لەگەڵ ژیانی مۆسیقایی کوردەکان و گەلانی دراوسێیان نایەتەوە و ناکۆکی هەیە هەم لەگەڵ ڕابردووی پێش ناسیۆنالیسم و هەم لەگەڵ ئێستای ناسیۆنالیسمدا. من ئاماژە بە دوو ساتەوەختی ئەم مێژوووە دەکەم. هاوکات لەگەڵ ئەم سەردەمەدا واتە لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا، ئارام تیگران (٢٠٠٩ - ١٩٣٤) کە گەنجێکی گۆرانیبێژی ئەرمەنی و لەدایکبووی شاری قامیشلی لە کوردستانی سووریا بوو کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و سووریا، بڕیاریدا لە ئەرمەنستان نیشتەجێ بێت.

[20] لەو نێوانەدا بڕوانە دەرکەوتنی کێشەکە لە وتووێژێکدا لەگەڵ فەرهەنگ غەفوور، "ئایا مۆرکی کوردی لە مۆسیقای ئەمڕۆماندا هەیە؟"، *Xebat*, No. 2091, March 20, 2008, p. 8. بۆ سەرنجێکی زۆر کورت سەبارەت بە مۆسیقای یەزیدی و ئەهلی حەق، بڕوانە: Stephen Blum, Dieter Christensen and Amnon Shiloah, “Kurdish music,” *The New Grove Dictionary of Music and Musicians*, Second Edition, Vol. 14, 2000, p. 40. بۆ زانیاری سەبارەت بە ئامێرەکانی مۆسیقای یەزیدی بڕوانە Scheherezade Q. Hassan, “Les instruments de musique chez les Yezidi de l’Irak,” *Yearbook of the International Folk Music Council*, Vol. 8, 1976, pp. 53-72. سەبارەت بە مۆسیقای ئەهلی حەق، بڕوانە Partow Hooshmandrad, *Performing the Belief: Sacred Musical Practice of the Kurdish Ahl-I Haqq of Gūrān*, Ph.D thesis, University of California at Berkeley, 2004.

[21] بڕوانە, Hassanpour, Amir and Blum, Stephen, “Mamili, Mihammad,” *The New Grove Dictionary of Music and Musicians*, Second Edition, Vol. 15, 2000, p. 718.

[22] بڕوانە Dieter Christensen’s notes in Folkway Records, *Kurdish Folk Music from Western Iran*, Ethnic Folkways Library PE 4103, 1965, pp. 8-9.

لە کاتی ڕۆیشتندا باوکی پێیگوت کە قەت کوردەکانی لەبیر نەچێتەوە.[23] ئارام لە ڕادیۆی یێریڤان کاری دەکرد و زۆربەی چالاکیی گۆرانیبێژیی خۆی تەرخان کرد بۆ سترانی کوردی. ئارام بە کوردی و ئەرمەنی و عەرەبی گۆرانی دەگوت. پێش کۆچی دواییەکەی لە ٢٠٠٩دا، ئاواتی خواست لە دیاربەکر بنێژرێت کە گەورەترین شاری کوردستانی تورکیایە. ئەم داواکارییەی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە ڕەت کرایەوە. دیاربەکر بە درێژایی مێژووی خۆی ماڵی خەڵکانێکی زۆر بووە، لەوانە ئەرمەنییەکان، ئاشوورییەکان، جوولەکەکان، کوردەکان و تورکەکان. شارەکە پڕە لە مزگەوت و هەروەها وێرانەی بەجێماوی کلێسەی ئەرمەنی و ئاسووری.

لەکاتێکدا کە سترانبێژیی و گۆرانییەکان سەرچاوەی جیاوازیان هەبوو، پێشکەشکردن و پێشوازی لێکردن و هەروەها تێڕوانینی مۆسیقا هیچ جیاوازییەکی نەبوو. لێکۆڵینەوەی مۆسیقای کوردی کە هێشتا ئەمڕۆیش ساوایە، لەلایەن قەشەیەکی ئەرمەنییەوە دەستی پێکرد بە نێوی کۆمیتاس (Komitas, Gomidas, Comitas) ڤارتابێد (١٨٦٥ - ١٩٣٥). یەکەم بەرهەمی ئەو، بەپێی وتارێکی *The New Grove Dictionary of Music and Musicians*، نامەی دوکتۆرایەک بوو لە ژێر سەردێڕی "Kurdische Musik (diss., U of Berlin, 1899)".[24] بەرهەمێکی دیکە، *Mélodies kurdes* (1903) بوو وەکوو یەکەم وتاری بڵاوکراوە کە بەتەواوی بۆ مۆسیقای کوردی تەرخان کرابوو.[25] جگە لەوەیش، کۆمیتاس نزیکەی ٣٠٠٠ گۆرانی ئەرمەنی، کوردی، تورکی، فارسی و گورجی کۆکردەوە. بەپێی بەراوردێک ئەو "هەرچەشنە دابەشبوونێک لە نێوان مۆسیقای فۆلکۆری تورکیا و ئەرمەنستانی ڕەت دەکردەوە" و "ڕێگایەکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناکۆکی نێوان ئەو دوانەی دەست نیشانکرد."[26] کۆمیتاس لە جینۆسایدی ١٩١٥ ئەرمەنییەکان دا کرایە ئامانج. هەرچەند کە ئەو هەتا ١٩٣٥ بە زیندوویی مایەوە، بەڵام تەندروستی مێشکی لەدەست دابوو.[27] بەپێی سەرچاوەیەکی تر، ڤرێژ نێرسێسیان، "تراژێدیای ڕاستەقینەی کۆمیتاس لەکیس چوونی توێژینەوەکانی بوو. ئیرادەی تێکشکێندرابوو."[28]

جینۆسایدی ئەرمەنییەکان بە شێوەیەکی ڕیشەیی نەخشەی دیمۆگرافی و فەرهەنگی مۆسیقایی وڵاتەکەی تێکدا. ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکان کە لە نیشتمانی کۆنی خۆیاندا لەگەڵ کوردەکان، تورکەکان و جووەکان

[23] ئەمن ئەو گفتوگۆیەم بە ڤیدیۆ تۆمار کردووە و لەلای خۆمە(هی کۆتایی نەوەدەکان). هەر وەها بڕوانە گفتوگۆیەك لەگەڵ وی لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠٠٦دا http://www.ezdixan.com/content/view/201/71/

[24] Amnon Shiloah, “Kurdish music,” *The New Grove Dictionary of Music and Musicians*, Vol. 10, 1980, pp. 314-18.

[25] Archimandrite Comitas, *K’rdakan eghanakner/Mélodies kurdes recueillies par Archimandrite Comitas*, Moscow, 1903, reprinted in 1982 (Venezia, Istituto per la diffusione delle conoscenze sulle cultur minoritarie).

[26] Michael Church, “Komitas Vardapet, forgotten folk hero,” *The Guardian*, April 21, 2011 http://www.guardian.co.uk/music/2011/apr/21/komitas-vardapet-folk-music-armenia

[27] Rita Soulahian Kuyumjian, *Archeology of Madness: Komitas, Portrait of An Armenian Icon*, Second edition, Princeton, NJ., Gomidas Institute, 2001; and Aram Andonian, *Exile, Trauma and Death: On the Road to Chankiri with Komitas Vartabed*, translated from Armenian by Rita Soulahian Kuyumijan, London, Tekeyan Cultural Association, printed at Taderon Press, 2010.

[28] هەمان سەرچاوە

پێکەوە ژیابوون، بەتەواوی ڕامالْدران. زۆری پێنەچوو جێگرەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی واتە کۆماری تورکیا، مۆسیقای گەلانی ناتورکی قەدەغە کرد. مۆسیقای تورکی بوو بە مەیدانی گەلاڵەی پێکەوەنانی میللەت و دەوڵەت لە لایەن ناسیۆنالیسمی کەمالیستەوە. خاشەبڕکردنی گەلانی ئاسووری و ئەرمەنی، پێوەندی فەرهەنگیی ئەوانی لەگەڵ پاشماوەی خەڵکی کورد و تورکەکاندا سنووردار کرد. هەروەها بەتاوان دانانی فەرهەنگی کوردی بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان گەلانی کورد و تورک و فەرهەنگەکانیان. کوردەکان بە زۆر لە ناو زمان و فەرهەنگی ڕەسمیی دا توێندرانەوە. بەڵام وێنەکە لەوە ئاڵۆزترە.

بەم دواییانە، بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکییانە وا دەنوێندرێت کە ئێمپڕاتۆری عوسمانی دەوڵەتێک بوو لەگەڵ فرەچەشنی ئایین، قەوم و فەرهەنگ و هەروەها خۆبەڕێوەبەریی هەڵیدەکرد. بەرژەوەندییەکی ئێجگار زۆر هەیە لەوەدا کە ڕابردووی عوسمانی و ئێستای کۆماریی لە شێوازی پێکەوە ڕێکخستنی عوسمانی – ئیسلامی و تورکی – عوسمانی، تێکەڵ بکرێن ئەویش بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمپڕاتۆری عوسمانی وەکوو نموونەیەک بۆ پێکەوەنانی وێنەی هەمەچەشنی گەلان و فەرهەنگەکانی ناوچەکە.

بەهەرحاڵ ئیمپڕاتۆری عوسمانی لەوەدا  لە نێو ئیمپڕاتۆرییەکانی تردا تاقانە بوو کە ئەوانی تر هەموویان لە ناوەندیی کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دا بێ توانا بوون. ئەم دەوڵەتانە کە لە سەر بناغەی سیستەمی کۆمەڵایەتی – ئابووری دەرەبەگایەتی سەریان هەڵهێنابوو و درێژەیان بە ژیان دەدا، بۆیان نەدەلوا لە دەرەوەی پایتەخت و دەوروبەری گەشە بە حکوومەتێکی مەدەنی و سەربازی بدەن. هەر لە چینەوە هەتا ژاپۆن و ئینگلستان و ئیسپانیا، "ناتەبایی" دەرەبەگایەتی و "پارچە پارچە بوون" هەموو لایەنەکانی ژیانی دەنەخشاند. ئەم ناتەباییە بەهۆی ئابوورییەکی کشتوکاڵی هاوتا لەگەڵ دانیشتووانێک خۆی ڕادەگرت کە بەشێوەیەکی زاڵ جووتیاری گرێدراوی زەوی بوون. هەر ڕێک وەکوو دەسەڵاتی سیاسی، ژیانی فەرهەنگیی و لەوانەش مۆسیقا، بەش بەش بوون، هەرچەند مۆسیقا و شێوازەکانی تری فەرهەنگ سنووره ناوچەییەکانیانی دەبەزاند. ئەمە دەریدەخات کە بۆچی هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەوڵەتی عوسمانی نەیدەتوانی میرنشینە کوردەکان لە کوردستان یان نیمچە دوورگەی عەرەبستان بڕووخێنێت هەرچەند کە سوڵتانەکان بە درێژایی چەندین سەدە بەو مەبەستە هەوڵیاندابوو. بە پێچەوانەی کۆماری تورکیا کە بە شێوەیەکی یاسایی و ئایدیۆلۆژی بەکارهێنانی مۆسیقا و زمانە نا تورکییەکانی بە تاوان دادەنا، دەوڵەتی عوسمانی پێش سەردەمی تەنزیمات (نوێکردنەوەی  پێکهاتەی دەوڵەتی فیۆداڵ لە ساڵی ١٨٣٩ تا ١٨٧٨) تەنانەت نەیدەتوانی بیریشی لێبکاتەوە کە مۆسیقا، زمان و داب و نەریت لە کوردستان قەدەغە بکات. تەنانەت ئەگەر توانیبایان بیر لە وەها سیاسەتێک بکەنەوە، دەوڵەت هیچ شتێکی بەدەستەوە نەبوو کە بتوانێت ئەم کارە لە ناو هەموو هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتیدا جێبەجێ بکات. تالانکردنی کتێبخانە زۆر باشەکەی میرنشینی بدلیس لە ساڵی

١٦٥٥دا، کە بە نەخشەوە لە لایەن ئەولیا چەلەبی‌یەوە وەکوو شایەتحاڵ گێڕدراوەتەوە، کردەوەیەکی بەتاڵان بردن بووە نەک ئەوەی کە بە هۆکاری سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە تێکشکاندنی نەریتی ئەدەب و فەرهەنگی کوردەکان بێت.[29]

بەم چەشنە "دڵفراوانی" دەوڵەتی فیۆداڵ هیچ فڕێکی بەسەر فرەفەرهەنگیی، هاوخەباتی نێونەتەوەیی، یان دیارنەبوونی پێشداوەری ئێتنیکی‌یەوە نییە. هەرکاتێک چینی دەسەڵاتداری خاوەن زەوی و دەوڵەتەکەی لە کۆڵ خەڵکی ئاسایی دەبوونەوە، بە دەگمەن لە نێوان ئەوانەی کە بەهۆی قەڵەشتی فەرهەنگی، ئێتنیکی و ئایینییەوە لێکدابڕابوون، هیچ شەڕێک دەکەوتەوە. من هێندێک بەسەرهاتم بیستووە سەبارەت بە گوندنشینە کوردە موسوڵمانەکان لە ساڵەکانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە کاتی ئازاردیتن دا لە شوێنە ئایینییەکانی مەسیحی دۆعایان دەکرد. سەرەڕای ئەوەیش مێژووی ناوچەکە لێوانلێوە لە بەسەرهاتی هێرش بردنە سەر ئێزیدییەکان، جووەکان، مەسیحییەکان و باقی کەمایەتییەکان. پێشداوەری ئێتنیکی کۆنترە لە ناسیۆنالیسم، بەڵام حیزبە ناسیۆنالیستەکان جیاوازییە ئێتنیکییەکان دەکەنە گەڵاڵەی سیاسی، تیۆریک و ئایدیۆلۆژیک بۆ پێکهێنانی میللەت و ئەو دەوڵەتەی لەسەر ئەم پرۆژەگەلە دامەزرابێت، رۆڵی پاسەوان و جێبەجێکاری پێ دەسپێردرێت. بێگومان ناسیۆنالیسمی خاوەن دەسەڵات لەگەڵ ناسیۆنالیسمی گەلێکی بێدەوڵەت و سەرکوتکراو لە ئاستێکدا نین.[30] دەوڵەت – نەتەوە لە ڕۆژئاوای ئاسیا بە شێوەیەکی توندوتیژ مۆسیقا و زمانی کوردییان سەرکوت کردووە لە کاتێکدا کە کوردەکان بە پەرەپێدانی مۆسیقا و زمانی خۆیان بەرەنگاری ئەم زەبروزەنگە بوونەتەوە.[31]

من نامەوێ بڵێم کە میللەتان، گەلان، عەشیرەکان، ناوچەکان، ئایینەکان و جنسەکان/ ڕەگەزەکان، نابێ مێلۆدی، هەوا، شێواز، قاڵب، چەشن، ئامێر و هی‌تریش تایبەت بە خۆیان بەرهەم بهێنن یان بەرهەمی نەهێنن.[32] ئاشکرایە کە کەلەپووری مۆسیقای جیهان ڕەنگاوڕەنگە هەروەکوو موزاییکی گەلان. لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەیەکی مۆسیقای کوردی ئاماژە بە جیاوازبوونی ئەم مۆسیقایە دەکات لەناو فەرهەنگە مۆسیقاییەکانی

---

[29] بڕوانە Robert Dankoff (ed.), *Evliya Çelebi in Bıtlıs*, Leiden, E.J. Brill, 1999, pp. 283-99.  See, also, Arménag Sakisian, "Abdal Khan seigneur kurde de Bitlis au XVII[e] siéclc et ses trésors," *Journal Asiatique*, t. CCXXIX, avril-juin 1937, 252-70.

[30] سەبارەت بە پرسی مۆسیقا و بێدەوڵەت بوون بڕوانە: Stephen Blum and Amir Hassanpour, "'The morning of freedom rose up': Kurdish popular song and the exigencies of cultural survival," *Popular Music*, Vol. 15/3, 1996, pp. 325-43.

[31] مۆسیقای گەلانی ناتورك و لەوانە کوردەکان ئێستا لە تورکیا ڕێگاپێدراوە و ئەم دۆخەیش مەودای نوێ و زۆر ئاڵۆزتری کردووەتەوە لە پەیوەندی نێوان کوردەکان و دەوڵەتدا و هەروەها لە نێوان فەرهەنگە مۆسیقاییە جۆراوجۆرەکان لە وڵات و لە ناو ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەدا. بۆ خوێندنەوەیەکی زۆر نایاب بڕوانە: Clémence Scalbert Yücel, "The invention of a tradition: Diyarbakır's Dengbêj Project," *European Journal of Turkish Studies*," No. 10, 2009, pp. 1-27.

[32] سەبارەت بە ئاڵۆزبوونی پێناسەکردنی توخمی ئێتنیکی لە قاڵبەکان و ژانرەکانی مۆسیقادا بڕوانە: Dieter Christensen, "What is Kurdish about the makam kürdi," *Proceedings of International Musicological Symposium "Space and Mugham.*" Baku, Şarq-Qarb, 2009, pp. 107-11.

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دا.[33] لە ناو ئەم میللەتە بێ دەوڵەتەدا کە لەباری سیاسی و جوگرافیاوە دابەشکراوە، کەسانێکی تر تەنانەت "قاڵبی مۆسیقای پان کوردیی "یان پێناسە کردووە.[34] من گومانم نییە کە جیهانیبوونی مۆسیقا واتە ئەو ڕاستییەی کە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤ خاوەن مۆسیقان تەنها کاتێک قابیلی تێگەیشتنە کە تایبەتمەندییەکانی بسەلمێنرێت. ئەگەر بە زمانێکی دیالێکتیکی بدوێین، جیهانییەکان و تایبەتەکان، یەکبوون و کێشمەکێشی دژبەرەکان پێکدەهێنن. ئەو کێشەیەی من بەرجەستەم کردووەتەوە بریتییە لەو ڕێگایە کە ناسیۆنالیسم هەم وەکوو ئایدیۆلۆژی و هەم وەکوو بزووتنەوەی کۆمەلایەتی، دەست بەسەر هۆنەردا دەگرێت و دەیکاتە گۆڕەپانێک بۆ ناکۆکییە نەتەوەییەکان. تایبەتمەندی مۆسیقا دەکرێتە پرسێک بۆ نەتەوە بوون و پڕۆژەکانی هەر لە زیندوومانەوە دەگرێتەوە هەتا پەلاماردان، قەومکوژی یان زۆر وردتر بڵێین مۆسیقاکوژی. من تێکۆشاوم نیشان بدەم کە هیچ بناغەیەک بێجگە لە ناسیۆنالیسم نییە بۆ ئەو دژبەرییە لە نێوان مۆسیقا و جەماوەری گوێگری تورک و باقی گەلانی (عوسمانی) لە تورکیا. لەڕاستیدا لێک نزیکبوون و لەیەکچوونەکە تا ئەو ڕادەیە بەرچاو بوو کە جەماوەری گوێگر ئاگادار نەبوون لە سەرچاوەی ئێتنیکی یان نەتەوەیی ئەو مۆسیقایەی کە بەرزیان دەنرخاند. ناسیۆنالیسم هەوڵدەدا فوو بکاتە ئەم جیاوازییانە و جەماوەری گوێگر بەپێی هێڵی ئێتنیکی دابەش بکات. کێشەکە باشترە بڵێین ناسیۆنالیستییە هەتا مۆسیقای میللی.

هەرچۆنێک بێت، ناسیۆنالیسم هی میللەتی داپڵۆسێنەر بێت یان سەرکوتکراو، لەگەڵ کۆتاییپێهێنەرەکەی واتە ئەنترناسیۆنالیسم دەچێتە پێش. ئەم دوانە لە دۆخی کێشمەکێشێکی بەردەوام دا دەمێننەوە. لە کاتی ئێستادا ناسیۆنالیسم لە هەموو شوێنێک زاڵە. لەکاتێکدا تیۆرییەکانی بەجیهانی بوون، واتە "ترانسناسیۆنالیسم" [نەتەوەبڕی]، یان کۆسمۆپۆلیتانیسم [نێونەتەوەیی بوون]، یان پۆستناسیۆنالیسم [دوا ناسیۆنالیسم]، ڕووخانی سنوورەکان و هەرەسهێنانی میللەتان ڕادەگەیەنن، میللەت و ئایدیۆلۆژییەکانی لە بواری مۆسیقا و لە باقی مەوداکانی ژیاندا درێژە بە دووبارە وەبەرهێنانەوەی خۆیان دەدەن. گوروتینی بەهێزی ڕووخانی سنوورەکان ئەو شۆڕشە بێوچانەیە لە تەکنۆلۆجیای ڕاگەیاندن کە دەرفەتێکی زۆر دەداتە جەماوەری گوێگری مۆسیقا بۆ شادیگێڕان. هەروەکوو مارکس ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر و لە کۆتایی شۆڕشی پیشەسازیی دا تێبینی کرد، ئێمە لە دۆخێکداین کە " زەمان بۆشایی نێوان شوێنەکانی نەهێشتووەتەوە".[35] سانسۆڕکردن لەو چەشنە کە تورکیا لە ڕێگای بە تاوانداناانی خاوەنداریێتی مۆسیقای تۆمارکراو بەڕێوەی دەبرد، چیدی سەر

---

33 Ayako Tatsumura, “Music and culture of the Kurds,” *Senri Ethnological Studies*, 5, 1980, pp. 75-93.

34 بڕوانە: Dieter Christensen, “Music in Kurdish identity formations,” in Conference on Music in the World of Islam, Asilah, 8-13 August 2007 in http://www.mcm.asso.fr/site02/music-w-islam/articles/ChristensenKurds-2007.pdf

35 Karl Marx, *Grundrisse: Foundations of the Critique of Political Economy*, translated by Martin Nicolaus, New York, Vintage Books, 1973, p. 524.

ناگرێت. بەڵام مۆسیقاکان، وەکوو تاکەکان، زمانەکان و فەرهەنگەکان یەکسان نین. دەوڵەت و بازار هەردووکیان وەکوو هێزی باڵادەست لە (دووبارە)بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی مۆسیقاکاندا چالاکن و هیچکامیان بە قازانجی مۆسیقای بێدەوڵەت کار ناکەن. تەنانەت مۆسیقاکان لەگەڵ دەوڵەتەکان یەکسان نین چونکوو دەوڵەت – میللەتەکان هەر وا بە نایەکسانی دەمێننەوە. لەم خاڵەدا، مۆسیقای کوردی لە ناو خۆڵەمێشی مۆسیقاکوژییدا هەڵدەستێتەوە. تەکنۆلۆجیای مۆسیقا و زمان ئەو میللەتەی کە بەهۆی سنووری نێودەوڵەتییەوە پارچە پارچە کراوە، یەکدەخەن و هەروەها دابەشیشی دەکەن. سەرەڕای ئەوەیش، مۆسیقای کوردی دەتوانێت هەم میللی بێت و هەم ئەنترناسیۆنالیست، بەڵام ئەمە خۆبەخۆ ڕوو نادات.

سەرەتاکانی ئەنترناسیۆنالیسم، وەکوو سیاسەت و شێوەی ژیان، لە بەردەست دان - ئابوورییەکی جیهانی، بەرتەسکبوونەوەی شوێن، بەرەوپێشچوونە تیۆرییەکان، ڕاهێنانی فراوان، پێکهاتنی چینێکی جیهانی کرێکاران و هەژارانی شاری و ئارەزووی خەڵک بۆ بەزاندنی دابەشبوونە نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لاوازکردنی ژێرپێی ناسیۆنالیسم ئەوە دەخوازێت کە شێوازی ڕێکخستنی بەسەرچووی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان واتە میللەت(- دەوڵەت) بە شێوەیەکی جیددی جێبهێڵین. ئەم دادڕانە خوازیاری وەستانەوەیە لەدژی تەوژم. کەوابوو، هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە کە ژمارەیەکی کەم لە ناسیۆنالیستە ئاسووری و کوردە توندئاژۆکان یووتیووبیان کردووە بە مەیدانی ڕق و کینی سەرسووڕمانە "مێژووییە"کانیان.[36] ئینترنێت هەڵبەت چەند نموونەیەکی کوردیی جیاوازی ئەنترناسیۆنالیستترینی گۆرانییەکان، سروودی ئەنترناسیۆنال پێشکەش دەکات هەرچەند قەت لە سەر ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنە سەرەکییەکانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ لێ نادرێت.[37]

سەردێڕی وتارەکە بە زمانی ئینگلیسی:

Wanderings in Adalar Sahilinde, by Amir Hassanpour

لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە:

Joyce Blau l'éternelle chez les Kurdes

Publisher: Institut français d'études anatoliennes

[36] بۆ نموونە، بڕوانە: http://www.youtube.com/watch?v=JRTJyEqBKCI, http://www.youtube.com/watch?v=9c662wUtyTI, http://www.youtube.com/watch?v=utA3sgec_Eo, http://www.youtube.com/watch?v=iDHbqf2JEow, http://www.youtube.com/watch?v=tRpbVUzSU9I&feature=related

[37] http://www.youtube.com/watch?v=icgb1OdX-6Y



کاک ئەمیر حەسەنپوور و کاک ئەحمەد ئەسکەندەری

وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری (September 2018)

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧١٩ی کوردی = ١٨ی جوونی ٢٠١٩ی زایینی